کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-5-2007 14:56

## دڕندەیی تاوانێک... با (دوعا) ببێتە سەرەتایەک بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆری ژنان... چیا یاسین

زۆر جار دەبیستین یان دەخوێنینەوە لەسەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان، ژنێك جەستەی شێوێنراوە بە جۆرێ کە ناناسرێتەوە، پاشان کوشتویانە، وەیان کوشتویانەو ئینجا جەستەشیان شێواندوە... هەموو ئەم ژنانەش بە ناڕەوا ئەم کارانەیان دەرحەقکراوەو، بە دەستەجەمعی کۆمەڵە کەسێك ئەمەی بەرامبەردەکرێ کە ڕەنگە کەسی زۆر نزیکی خۆی بێت و پەیوەندی خوێن و خزمایەتی لە نێوانیاندا بێت و پێکەویان ببەستێتەوە، هەموو ئەو ژنانەش زۆر ژان دەچێژن تا ئەو کاتەی ڕۆحیان لە جەستەیان جیادەکەنەوە بەرامبەر سزای ئەو تاوانەی کە نێرینەکانی نزیکی بڕیاری لەسەردەدەن، بەڵام هیچ کام لە ئێمە نایبینین و کەناڵێك نیە ئەو تاوانانەمان نیشان بدات، تەنها نوسینی سەر ڕۆژنامەکانەو وەك هەر هەواڵێك دەیبینین و دەیبیستین.

هەموو ئەمانە وەك هەر ڕوداوێکی تر لێمان ڕوانیوە، تەنها ئەو کەس ولایەنانە نەبێت، کە مەسەلەی ژنان و بێمافی ژن مەبەستیانەو ئامانجیانە کۆمەڵگە هۆشیار بکەنەوە سەبارەت بە هەبوونی مافەکانی ژن وەك مرۆڤێك ئەم جۆرە هەواڵانە دەبێتە جێگەی سەرنجیان و بەهەند وەریدەگرن و مرۆڤدۆستن و ڕێزگرتن لە مرۆڤ لەلایان ئاستێکی بەرزدایە، بەتەنگ ڕوداوێکی لەوجۆرەن کە بەدواداچون دەکەن بۆ ئەو ڕوداوانەو چۆنیەتی ڕودانی.

من کەسێم لەبواری مافی مرۆڤ و مەسەلەی ژنان کاردەکەم خۆم تەرخانکردوە بۆی، زۆر وێنە ژنی تیرۆر کراوم بینیوە، زۆرجاریش بەحوکمی کارەم چاوپێکەتنم لەگەڵ ئەو ژنانە کردوە کەلەگەڵ مەرکدا شەوورۆژێك یان چرکەیك دوربوون تا بگەن پێی کاتێك جەستەیان لەژێر ڕەحەتی سوتاندا ببوە خەڵوز، هەموو ئەو ڕوداوانە سامناك بوون، بەڵام ئەم ڕوداوە زیاد لەهەموو ڕوداوەکانی کە بیستومەو بینیومە و بەدوایداچووم، زیاتر توشی ماتەم و خەمی کردم، بەتایبەتی کاتێك کە وێنەی جوڵاو واقعی ئەو کچە شۆخ و شەنگەم بینی کە تەنها بە زریکەیەك بەرەنگاری ئەو سەداها شەقەدەبۆوە کە تێیهەڵدەدرا، کە بێهێز و لاواز کەوتبوە بەر چنگی بێبەزەیی ئەو ژمارە زۆرە لە کەڵبە وەشێنەکان، کە وەك دڕندەیەکی زۆر برسیکەڵبەیان دەبریسکایەوە، بەڵام ئەم بەدڕەفتارانە بریسکەی کەڵبەکانیان لە سۆمای چاویاندا دەبریقایەوە، ئەنجامدەرانی ئەو بەدڕەفتارییە بەتەواوەتی سیمای مرۆڤبونیان لەبەردا داماڵرابوو، ببونە دڕڕڕندە، دڕندەیەکی زۆر دڕڕڕ، کەچرنوقی ڕقیان لەجەستەی (دوعا) ی ئاسك ئاسا گیردەکرد و هەریەکێکیان تینوی دڵۆپە خوێنێکی جەستەی ئەو مامزە بوو، ئەو دڕندانە پاش شەلاڵکردنی لاشەی ئەو بەستەزمانە لە خوێنی خۆیداو گەوزاندنی، پاشان هەرچی بەرگێك هەبوو دایانماڵی لەبەریدا، خۆشیان چاوبرسیانە لێیان دەڕوانی و زەقەی چاویان ئەهات، زۆر بێشەرمانە لەجەستە و عەورەتی ئەو ناسکۆلیەیان دەڕوانی.

هیچ گوزارشتێك نادۆزمەوە کە پڕاوپڕی ئەو کارەسەتە نامرۆڤانەیە بێت کەدەرهەق ئەو مێینەیە کرا، کەتەنها تاوانەکەی خۆشەویستی و عشق گۆڕینەوە و هەڵبژاردنێکی ڕەوای کەسێك بێت بۆ ژیانبەسەربردن لەگەڵی تادوارۆژی ژینی، کەلەسەر بنەمای عەشق و خۆشەویستی و بنەمای مرۆڤبوون بنیاتنرابوو، کە مەزهەب و دین و دەمارگیری لەنێوان ئەو دوو مرۆڤەدا هیچ ڕۆڵێکی نەمابوو. وەك دوو مرۆڤ لەم جیهانەدا مامەلەیان دەکرد، دور لەوەی کە هەریەکێك لەو دوانە بیر لەو کلتورەی بکاتەوە کە پابەندە پێیەوە. دەرچون لە سنوری ئەو عورف و عادەتە تاوانێك دەبێت کە ئەو بەد ئەخلاقیە سزاکەیەتی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەی سەمەرەبوو لە ڕوداوەدا ڕوتکردنەوەی ئەو کیژۆڵەیەبوو لەلایەن ئەنجامدەرانی ئەو کارەوە کە زۆر بێشەرمانەش تەماشایان دەکرد و چێژیان لەو ئازاردانە دەچەشت.
ئەم ڕوداوە هێندەی ڕەگەزی نێری هەژاند و بوە جێگەی باسوخواس لەلای، کە دەتوانم بڵێم لەژنان زیاتر هەستی نامرۆڤانەی ئەنجامدەرانی بەر لەعنەتەی ئەوان کەوت، کە ئەمەش سیمایەکی گەشە کە پیاوان زیاتر لەسەر کارەساتێکی ئاوا بەدەنگهاتن، ئەوەی توانی لە ڕێگەی قەڵەمەکەیەوە بنوسێت ئەوەی لە ڕێگەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانیە، ئەوەشی کە لە ناخیدا هەژا بەرامبەر بەدرەندەیی ئەو بەشەی هاو ڕەگەزەکەی، چونکە باوەڕیان بە مرۆڤبوونی ژنە بۆیە بۆتە جێگەی باسوخواسیان.
بۆ بەدڕفتاریی ئەو گروپە دەمویست داوا ژنان بکەم کەبێدەنگبن، با بزانین پیاوان هەڵوێستیان چۆن؟؟؟، بزانین ئەو دەسەڵاتەی خۆی بە چەسپاندنی سستەمی دیموکراسی پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤەوە دەناسێنی چ ئیجرائاتێك دەنوێنی، ئەی ڕێکراوە مۆقدۆستەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕوداوێکی لەو جۆرە دەکەن کە ڕۆژانە ڕوودەدات و چەندبارە دەبێتەوە.
با (دوعا) ببێتە سەرەتایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ژنان، کەتا ئێستا ئەنجامدەرانی ئەو کارە ناشیاو و نامرۆڤانەیە هەمیشە خۆیان لە تاریکیدا حەشارداوەو بە ڕووی سوریانەوە دێنەوە ناو کۆمەڵ و دەستی سوریشیان دەخەنە پشتەوەیان دەیشارنەوەو، بە زمانیش دەبنە پارێزەری مافەکانمان.

chiayassen@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.